# خوێندنەوەیەكی تر بۆ گەندەڵی .....

تەها سلێمان
tahasleman17@yahoo.com

قسەوباس و خوێندنەوەی جۆراو جۆر بۆ گەندەڵی و هۆكارە هەمە چەشنەكانی لەكوردستان دەكرێ و بڕواشم وایە ئەم مەسەلەیە لەوە زیاتریش هەڵدەگرێ و بێدەنگیش لێی جۆێك لە نابەرپرسیارێتی نشتمانی و تەنانەت ڕەوشتیش دەگەیەنێ. سەرەتاش ئەز لەوێوە دەچمە نلوباسەكەوە كەئایا: دیاردەی گەندەڵی لەپایەو دام ودەزگا بچوكەكانی دەسلاّت و كۆمەڵگاوە سەری هەڵداوەو بەرەو پلە جیاجیاكانی هەرەمی دەسلاّت خۆی ڕاپسكاندوە، یان لەهەرەمی دەسلاّتەوە بۆ ناو كایە جیاجیاكانی دەسلاّت بەرەو خوار شۆڕ بوەتەوە ؟ ئەگەر لەولاّمی ئەم پرسیارەدا خۆ بخلاّفێنین و بەمامە حەمەیی قسە بكەین ، ناتوانین یەك ڕستی دروست و بابەتی بلێین و كەمترین سووچی دیاردەی گەندەڵی بخەینە ڕوو. من وای دەبینم كەگەندەڵی ڕەگوڕیشەیەكی تۆكمەی لەلوتكەی دەسلاّی سیاسی و ئیداری كوردیدا هەیە و لەوێشەوە بەرەو نێوپێكهاتە و دەزگاو كایە جۆراوجۆرو بچوكەكانی حزب ودەسلاّت و كۆمەڵگا شۆڕبوەتەوەو وەك نەخۆشی و دیاردەیەكی ترسناك ڕوو لە فراوانبونە. بەمانایەكی تر حزبی دەسلاّتدار لەئاستی لوتكەدا هۆكاری دیاردەی گەندەڵی و هاوكات بەرپرسیاری پلە یەكیشە لێی، ناشكرێ بەخۆبواردن لەبەرپرسیارێتی حزبی دەسلاّتدار لەئاستی لوتكەدا ، بمانەوێ قسەیەكی جیدی لەسەر گەندەڵی و هۆكارەكانی بكەین. ئەگەر ئەم ڕاستیە هەندێ نارۆشن بێت و نمونەی بەرجەستە كراوی بوێت، ئەوا دەتوانرێ دەیان و سەدان نموونەی سەلمێنراو بهێنرێتەوە كەبەهیچ شێوەیەك پاساو هەڵناگرن و لەجارێ زیاتر ساغ بوونەتەوە. ..چۆن؟ هەردوو حزبی دەسلاّتدار لەكوردستان لەماوەی (15) ساڵی حكومڕانیاندا، ئەگەر بەراوردێك لەكارو چالاكی وجوڵەی خزمەتگوزارییاندا لەلایەك و هەڵپەو قۆرغكردنی دۆخی كوردستان بۆبەرژەوەندی تەسكی حزبیان لەلایەكی تر بكەی ، و بتەوێ لەڕستێك ڕستی نزیك بیتەوە ، هیندەی دۆخی كۆمەڵگای كوردییان بوبەرژوەندی حزبیانەو مەرامە ناتەندروست و نالەش ساغەكانیان بەكارهێناوە، پرۆژەیەكیان بەئاراستە بابەتی و پێویستەكەیدا بەشێوەیەكی گشتی بۆبوژانەوەی سەرخان و ژێرخانی كۆمەڵگای كوردی نەبوەو نیە. ئیتر ئەمە وەك نەریتیكی

باو، بوەتە نەخشەی کاری بەرنامەیان و لێرەشەوە لەناو حزبی خۆبەخاوەنزانی دەسلاتدا لەشکرێك لە مافیای ئەندام و لایەنگرانی حزبی دەسلاتدار دروست بوەو سەرلەبەری پێکهاتە جیاجیاکانی کۆمەلگای تەنیوەتەوەو بێمنەتانە تەراتێنی خۆی دەکاو ئێسك وپروسکی کۆمەلگا دەهانجێنێ.

بەپێچەوانەی هەموو دنیا ، لەکۆمەلگای کوردیدا لەجیاتی ئەوەی حزب لەخزمەتی دەسلاٌت و دەسلاٌتیش لەخزمەتی کۆمەلگاو چین وتوێژەکانیدا بەکار ببرێ، کەچی ئەودەسلاٌتە نیوە ناتەواوو شل و شۆقەی کەهەمانە تەواو لەخزمەتی حزب و لەڕێگای حزبیشەوە ئەندام و لایەنگرەکانیدا بەکاردەهێنرێ. وردتر لەناو حزبیشدا بەپێی پێڕو تەکەتولاتی خێلٌ و تیرەو بنەمالٌەو تەنانەت ئاینی و مەزهەبیش یاری بەهەموو داهات و سامانی نیشتمانی و نەتەوەییەوە دەکرێ و زۆربەی کاتیش ئەم یاریە کوشندەی حزب بەداهاتی نیشتمانی و نەتەوەییەوە لەسەرەوە بۆ خوارەوە، شەرعیەتێکی وای پێدەدرێ و بەشێوەیەك بەرجەستە دەکرێ کەچین و توێژەکانی کۆمەلگا سەری بێئاگایی بۆ بلەقێنن. ئەگەر بمانەوێ ڕوونترو بەرجەستە تر قسە بکەین دەبێت بیژین لەشکری حزبی هەردوو حزبی دەسلاٌتدار بەسەرپەرشتی ڕاستەو خۆی سەرکردایەتی حزبەکانیان و هەژمونیان بەسەر کۆی گەورەو بچوکی پایەو دامو دەزگاکانی دەسلاٌتدا، بوون بەمۆتەکە بەسەر کۆی پیداویستییەکانی ژیان و گوزەرانی خەلٌکی و پیشکەوتنە سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابوری وکۆمەلاٌیەتیەکانی کۆمەلگاوەو تاکە هێزو توێژێکیش کەئەمڕۆ و لەمدۆخەدا سوود مەند بێت ، هێزی حزب و دامو دەزگاو پێکهاتە گەندلٌ و ناتەندروستەکەیەتی لەلای هەردوو حزبی دەسلاٌتدار.

تۆبێنە پێش چاوی خۆت یەك پڕۆژە ئاوەدانکردنەوە نەبێت ، پشکی بەرپرسێکی بالاٌی حزبی تیا نەبێت؟ یەك سەرۆك خێلٌ و سەرۆك تیرە نەبێت ، لەڕێگای هەردووحزبەوە دیوخانانەو دەفتەرە دۆلارو موچەی مۆلٌی مانگانە و دەیان پاسەوانی بۆ دانەمەزرابێت ؟ یەك ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و یەك وەزیرو زۆرو زۆری تر نەبێت ، خەریکی عەشرەتبازی و خزمبازی و پارەبازی و قەسرو بالٌەخانە بازی وحیمایە بازی و هتد نەبێت؟ ئاخر تۆبێنە پێشچاوی خۆت حزبی دەسلاٌتدار بەو هەموو نالەشساغی و پەرپوتیەیەوە جلٌەوی دەسلاٌت و پەتی یارییەکانی بەدەستەوە بێت و خۆی خاوەنی دوابڕیاربێ، دەبێت چی ڕوو بداو چی بگوزەرێ؟

بەگشتی من وای نابینم گەندەڵی وەك دەسلاَت و حزبی دەسلاَتدار باسی لێوە دەكەن ، تەنها پەیوەندی بەبەرپرسێك یان دووان یاخود سیان ، یان وەكی تر كەهەندێ جار گوایە ڕێوشوێنی چارەسەر دەگرنە بەر، بەڕێوەبەرێكی گشتی و قایمقامێك، یان فەرمانبەرێكی هەش بەسەراكراو لەجێگایەكەوە دەگویزنەوە بۆ جێگایەكی تر، فەرمانبەرەكەی لێبەدەربێ، زۆربەی كات پلەی ئیدارییان بەرزتریش دەكرێتەوە. بەڵكوبڕوام وایە كێشەكە لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە، واتا تالەسەرەوە لێپێچینەوە لەگەندەڵی و هۆكارەكانی نەكرێ و مەلەفەكانی ئاشكرانەكرێ، ناتوانرێ بەربەستێكی بۆ دابنرێ. كاتیش نەیبڕی دەتبڕێ، وەختی ئەوەش بەسەرچوو ناوەڕۆكی ڕاستە ڤینەی مەلەفی گەندەڵی و هۆكارەكانی بشاردرێتەوە، چونكە بەشاردنەوەی حزبی دەسلاَت و دەسلاَت لای خەڵكی ناشرین و ناتەواو دەكەوێتەوەو ئەنجامەكەیشی ڕەتكردنەوەی دەبێت ، كەهیچ دوور نیە توندو تیژیشی لێبكەوێتەوە.